# ببەپێی پێشنیاری فیدراسیۆن،27 ڕێکخراو و لایەنی کوردی و عیراقی، لەیاداشتنامەیەکی هاوبەشدا خواستەکانی پەنابەران دەخەنەبەردەم وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا

رۆژی 27–11–2006 لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا کۆبوونەوەیەك بۆ نۆینەرانی رێکخراوە و مەڵبەندە کوردی وعیراقیەکان لە لەندەن ئەنجام درا بەمەبەستی قسەوباسکردن لەسەر پرۆژەی بەناو (گەرانەوەی ئارەزوومەندانە)کەماوەی زیاتر لە سێ ساڵە حکومەتی بەریتانیا بەدوای رووخانی رژێمی بەعس وەك سیاسەتێك لەبەرامبەر پەنابەراندا گرتۆیتە بەر. لەم کۆبوونەوەیەدا کە نۆینەری وەزارەتی ناخۆی و دەرەوەی بەریتانیا و دەزگای کاروباری گەشەپێدانی نیو دەوڵەتی و نۆینەری سەفارەتی عیراقی بەشداربوون، فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەرلەدەسپێکی کۆبوونەوەکە، یاداشتنامەیەکی خستە بەردەم نۆینەرانی رێکخراوە پەنابەری وکوردی و عیراقیەکان کەبۆ کۆبوونەوەکە بانگهیشتکرابوون وسەرەنجام 27 لایەن ئیمزای خۆیان لەیاداشتەکەدا کەئەم خواستانەی لەخۆگرتبوو:

1–راگرتنی دەست بەجێ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان

2–وەڵام دانەوەی فەوری بە پەنابەرانەی کە تائێستا لەچاوەروانی ماونەتەوە داوای کردنەوەی کەیسەکانیان جارێکی تر بەشێوەیەکی یاسایی.و لابردنی هەموو زەختو زۆرێك لەسەر پەنابەران.

3– گیرانەوەی تەواوی خزمەتگوزاریەکان بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی وە رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا بۆ کەیسەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی.

4–بەرەسمیت ناسینی لجنەیەك لەو پەنابەرانەی خۆیان بەخواستی خۆیان گەراونەتەوە بۆ کوردستان بۆ جێ بەجێکردنی ئەو بەلێنانەی پێیان دراوە.

دوای قسەوباس و نارەزایەتی دەربرینی فیدراسۆن و ریکخراوەکان، نۆینەرانی هۆم ئۆفیس کەوتنە ژیر فشارەوە و ناچاربوون بەوەی کە لە یاداشت نامەکە بخەنە ئەجندەی کۆبوونەوەکە بە مەبەستی قسەوباسکردن لەسەر ناوەرۆکی یاداشتنامەکە ولەئەنجامیشدا کۆبوونەوەکە لەسەر ئەم خالانەبیریتەوە:

1– نوینەری هۆم ئۆفیس بەلینی دا کە دەقی یاداشتنامەو خواستەکانی پەنابەران بگەیەنیتە دەست وەزیری ناوخۆ و لەناوەرۆکەکەی بکۆڵنەوە.

2– نۆینەرانی هۆم ئۆفیس رایان گەیاند گیرانەوەی پەنابەران بەر ئەنجامی رێکەوتنێك بووە کەلەسالێ 2005 لەنیوان حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کراوە، وبۆئەمەش نۆینەرانی فیدراسیۆن داوای ئەو بەلگەنامانەی کرد کە ئەو رێکەوتنەی تیا هاتووە.

3– نۆینەری هۆم ئۆفیس رای گەیاند دەولەتی بەریتانیا هەرچەندە هێشتا سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی لەدەستوردایە، بەلام لەئێستادا هیچ وەجبەیەکیتر نانیرنەوە. وپاشان ئاماژەی بەوەدا کە داوای راگرتنی سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران لەنزیکترین فرسەتدا لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا تاوتوی دەکات.

4– وەلەبەرامبەر یاسای ژمارە 4 دا نوینەرانی هۆم ئۆفیس رایان گەیاند کەچاو دەخشێنەوە بەو کەیسانەدا کەشمولی بریاری کەیسی(بەختیار رەشید، مەغدید،AH) دەکەن بەفەوری وەلامی موسبەتیان پێ دەدەن .

5– سەبارەت بەو پەنابەرانەی لەسەر خواستی خۆیان گەراونەتەوە بۆ کوردستان وبەڵێنی سەرفکردنی بۆجەیەی تایبەتیان پیدرابوو، بریاریان دا کە بەو کەیسانەدا بچنەوە ولەم بارەشەوە هەموو ئەو بەلگەنامانەی کەفیدراسیۆن خستیەبەردەم کۆبوونەوەکە وەك دۆکمینتیکی بەلگەداری پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانی کوردستان وەرگیران.

لەکۆتای کۆبوونەوەکەدا تەواوی نۆینەرانی رێکخراوە کوردی و عیراقیەکان هاورا بوون لەسەر خۆپشاندانێکی سەرتاسەری لەشارەکان بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتە.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە جارێکی تر راستی و دروستی لیکدانەوەکانی فیدراسیۆن لەسەر پێویستی یەکگرتووی وخەباتی پەنابەران و رێکخراوە پەنابەریەکان دەسەلمینێ،یەك دەنگی و بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانی پەنابەران بەپشتیوانی رێکخراوە و نیهادە ئینسانی وخەڵکی ئازادی خواز دەتوانێ سیاسەتی نا ئینسانی و دژی پەنابەری ئەم حکومەتە بەشکست بکێشێ.

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی پەنابەران و رێکخراوە پەنابەری یەکان**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2006-11-29